# کچان و ژنان باس له لەشفرۆشیی دەکەن ...

## کچێك : ژن هەبووە هاوسەرەکەی بەزۆر و لێدان وایلێکردووە لەشفرۆشیی بکات

## ژنێك :زۆربەی ئافرەتان بەهۆی کەم دەرامەتییەوە پەنا دەبەنە بەر لەشفرۆشیی

راپۆرت: ستیڤان شەمزینانی
Shamzini79@hotmail.com



دیاردەی لەشفرۆشیی تایبەت نییە بە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو بەڵکو لە زۆربەی کۆمەڵگەکانی دنیادا بوونی هەیە و تاکە جیاوازییش گۆڕانی رێژەو شێوازەکانییەتی لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ یەکێکی تر .

لێرەلە کوردستان سەرباری ئەوەی ئەم دیاردەیە مێژوویەکی زۆر کۆنی نییە بەلاّم لەگەلّ گەشەو فراوانبوونی زیاتری شارەکان ئەم دیاردەیەش رووی لە زیاد بوون کردووە، بەلاّم هەردوای راپەڕینی بەهاری ساڵی 1991 و بە هۆی ئەو بارودۆخە سیاسی و ئابوورییە ناهەموارەی بەسەر کوردستاندا هات رێژەی کاری لەشفرۆشیی زیادی کرد و چەندان ئافرەت لە تەمەنە جیاجیاکاندا ناچار بوون بۆ بژێویی ژیانیان رێگەی لەشفرۆشیی بگرنە بەر .

بەم دواییانەش ئەم دیاردەیە رووی لە گەشەکردن و فروانتر بوون کردووە و چەندین گروپ و باندی جۆراو جۆری نهێنی پەیدابوون کە بازرگانیی بە جەستەی ژنانەوە دەکەن ، بەپێی ئامارێك کە لەیەکێك لە بنکەکانی پۆلیسی شاری سلێمانییەوە دەستمان کەوتووە ساڵی 2006-2007 دووساڵن کە بەشێوەیەکی زۆر ترسناك ئەم کردارە رووی لە پەرەسەندن کردووە سەرچاوەکە جەختیش لەسەر ئەوە دەکاتەوە کەئەم حالّەتە زیاتر لە هەندێك مالّدا دەکرێت یان لە هەندێك هۆتێل کە دوای

ئاشکرابوونیان لەو شوێنانە پێش ئەوەی پۆلیس بیانگاتێ جێگۆڕکێ دەکەن وهەڵدێن .

سەرچاوەکە دەڵێت : زۆربەی ئەو لەشفرۆشانەش عەرەبن و لە ناوچە جیاجیاکانی عێراقەوە هاتوون و بەشێوەیەکی کەمیش ئافرەت و رێنیشاندەری کوردیان لەگەڵدایە بۆ ئامادەکردنی شوێن و چاوساغییکردن بۆیان.

دیارە گەشەکردنی لەشفرۆشیی پابەندە بە چەند هۆکارێکی بنەڕەتییەوە ، بەڵام کچان وژنانی کورد لەوە بارەوە راو سەرنجی خۆیانیان هەیەو هەریەکەو بروی ئەم دیاردەیەیان بۆ کۆمەڵێك هۆکاری جیا جیا گێرایەوە.

**نیان حسێن** – تەمەن 35 ساڵ زەواجی کردووە ،دەڵێت:خۆی لە کاری لەشفرۆشیدا زیاتر پیاو تاوانبارە چونکە گەر پیاو نەچێت بۆ کرینی لەشی ئافرەت ئەو کاتە ئافرەتەکەش هەرگیز بیر لەوە ناکاتەوە پەنا بەرێتە بەر ئەوەی پارە بە فرۆشتنی جەستەو لەشی خۆی پەیدا بکات ، پیاوان بەردەوام ئافرەتان تووشی ئەو نەخۆشیی و بەڵایە دەکەن وهەر خۆشیان دوایی بەچاوی زۆر سووکەوە تێیان دەڕوانن و هەزارەها ئیهانەیان پێدەکەن ،هەر پیاوانیش بازاڕو کڕیاری بەردەوام بۆ ئافرەتانی لەشفرۆش پەیدا دەکەن و سەرنجی گەنجەکانی بەلادا ڕادەکێشن و تووشی ئەم خو و رەفتارە دزێویان دەکەن ئەویش هەر بۆ مەبەستی خۆ دەوڵەمەند کردن وپارە، بۆیە پێویستە لەسەر حکومەت رێوشوێنێکی زۆر توند وباش بگرێتە بەر بۆ ئەوەی لەشفرۆشیی نەمێنێت و لەناوببرێت چونکە زۆر زۆر لە تیرۆر و تەقاندنەوەکان خراپترە و شیرازەی کۆمەڵایەتی خێزان و کۆمەڵگە بە تەواوەتی دەپسێنێت و بۆ هەتا هەتایە لەناویدەبات.

**نیگار سەلاح** – تەمەن 28 ساڵ زەواجی نەکردووە ،دەڵێت:لەهەر شوێن و مەملەکەتێك پەتای لەشفرۆشیی ئافرەت بڵاو بووەوە ئەو وڵات و شوێنە شوێنێکی هەژار و نائارامە، ئەگەر سەیر بکەین لەشفرۆشیی لە جێگەیەك زۆر بڵاو

و گەشەسەندووە کە شەڕیان تێدایە یان تازە لە شەڕ نەجاتیان بووە و هێشتا نەهاتوونەتەوە سەر سکەی خۆیان ئەگەر ئەم هۆکارەش نەبێت بێگومان ئەو وڵاتە وڵاتێکە لە رووی ئابوورییەوە داڕماوە و تووشی قەیرانی ئابووری زۆر سەخت بووە و یان ئابلۆقەی ئابووریی نێودەوڵەتی لەسەرە یان وڵاتەکە خۆی هەژار و بێ داهاتە.

ئەگەردیقەتمان دابێت لەشفرۆشیی ئەو کاتە زۆرتربوو کە کوردستان ئابلۆقەی ئابووریی لەسەربوو و گرانییەکی بێوێنە رووی لە شارەکانی کوردستان کردبوو، بۆیە لەشفرۆشیی لەوکاتەدا ببووە بەشێك لە سەرچاوەی داهاتی ئەوئافرەتانەی ئەم کارەیان دەکرد ولەم رێگەیەوە بژێویی ژیانیان بۆ خۆیان و خێزانەکانیان دابین دەکرد.

**ئەندازیار گوڵاڵە محەمەد بەگ** تەمەنی 39 ساڵەو ماوەی 15 ساڵە ژیانی هاوسەریی گرێداوە دەڵێت:بەراستی هەر دیاردەیەك سەر هەڵدەدات کۆمەڵێك هۆکار لە پشتییەوە وەستاوە تا سەر هەڵبدەن و ببنە خو و رەوشتی مرۆڤەکان بە بڕوای من هۆکاری دروستبوونی لەشفرۆشیی بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری نەبوونی و دەستکورتیی، بۆیە دەبینین زۆربەی ئافرەتان بەهۆی کەم دەرامەتی و فەقیرییەوە پەنا دەبەنە بەر لەشفرۆشیی و کاری لەو جۆرەچەندەها جار لە رۆژنامەکاندا خوێندومەتەوە :ژنێکی لەشفرۆش وتوویەتی حەزم لەو کارە نییە بەڵام ناچارم هەر ئەو کارە بکەم چونکە بژێویمی پێوە بەستراوەتەوە و ئەگەر نەیکەم هیچ شتێك نییە پێی بژیم ،بۆیە پێویست دەکات حکومەت بیر لە چاککردنی باری ئابووریی بکاتەوە و بە پارە هاوکاریی ئەو ژنانە بکات کە تووشبوون تا ئەو کاتەی دێنەوە سەر خۆیان و دەتوانن بە رێگەیەکی گونجاو بژێویی ژیانیان دابین بکەن لە هەموو بوارەکانەوە.

**چیا عەلی** – تەمەن 25 ساڵ زەواجی نەکردووە دەڵێت: خەڵکی ئێمە دوو شت تێکەڵاو دەکەن، لەشفرۆشیی لەگەڵ،لەگەڵ شێوەکانی تری مومارەسەی جنس ، چونکە ئەو ئافرەتەی پیاوێکی خۆشدەوێت و لەدەرەوەی زەواجکردن پەیوەندیی سێکسی لەگەڵ دەبەستێت لەشفرۆش نییە بەڵام لێرە بەمانەش دەوترێ لەشفرۆش کە ئەمە زۆر هەڵەیە ولە واقیعدا وانییە،لە کۆمەڵگەی کوردیدا لە کاری سێکسدا بەس ژن تاوانبارە بەڵام خۆ کاری سێکس بەیەك لایەن بە تەنیا ناکرێت بەڵکو دەبێت هەردوولا هەبن لەو کارەدا ، لە مەسەلەی لەشفرۆشیدا هەربەهەمان شێوە هەر ئافرەتەکان تاوانبارن و هەر بە ئافرەتەکان دەوترێت بێ ئەخلاق و بێ ئسوڵ کەچی پیاوان بەمەوە شانازیی گەورە دەکەن و لای هاوڕێکانیان بەدەم سوعبەتەوە باسی دەکەن و کەسیش پێیان ناڵێت ئەوە بێ ئەخلاقییە یان خوویەکی دزێوە.

ئافرەتان هەموویان ڕقیان لە لەشفرۆشییە بەڵام ناچار دەکرێن بەو کارە ، ژن هەبووە و هەیە مێردەکەی خۆی بەزۆر و شەق

وزللەو تێهەڵدان ئەو کارەی پێکردووە و خۆی پیاوی تری هێناوەتەوە بۆ ماڵەوە و فێری لەشفرۆشتنی کردووە یان پیاوی وا هەبووە کاسبی پێنەکراوە ژنەکەی خۆی فێری لەشفرۆشیی کردووە و خۆی پێ دەوڵەمەند کردووەو دوایی تەلاقی داوەو وتوویەتی بۆیە ژنەکەم تەلاقدا چونکە بێ ئەخلاق بوو ،دیارە لەم کاتەدا نەك سومعەی ناشکێ بگرە وەك پیاوێکی زۆر چاکیش وەسف دەکرێت و باسی دەکریٚ، لە کاتێکدا تاوانباری راستەقینە ئەوپیاوەیە.

**گەشاو جەلال** – تەمەنی 33 ساڵە و زەواجی کردووە ، دەڵێت :لەشفرۆشیی لە کوردستان زۆر بووە و هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو عەرەبانەی کە لەم یەك دوو ساڵەی دواییدا هاتوون بۆ شارەکانی کوردستان و گەنجەکانی ئێرە دەچنە ئەو ماڵە عەرەبانەو کاری سێکسی دەکەن ئەمە لە لایەك شڕ کردنی خووی گەنجەکانمانەو لەلایەکی تریشەوە ماڵوێرانییەکی ترە بۆ کچەکانمان و ئەوەندەی تر رێژەی قەیرەیی زۆرتر دەکات و کچان ئەوەندەی تر دەمێننەوە و شوو ناکەن چونکە ئەگەر گەنجەکان روو بکەنە ئەم کارە ئەو کاتە پەنا نابەنە بەر زەواج و ئەو مەسئولییەتە ناخەنە سەر شانیان بڕۆن زەواج بکەن و کرێی خانوو و شتی وا بدەن دەچن بە تەریقەیەکی ئاسان و بەپارەیەکی کەم خۆیان خاڵی دەکەنەوە و تەواو ،بۆیە هەقوایە حکومەت بیرێك لەوە بکاتەوە کە ئەم دیاردەیە زۆرتر گەشە نەکات چونکە ئەم دیاردەیە هەڕەشە لە چارەنووسی کۆمەڵگە دەکات و نەخۆشیی زۆر ترسناکی بەدواوەیە.

**دیدار یاسین** – تەمەنی 25 ساڵەو زەواجی نەکردووە ،دەڵێت: لەولاتی کوردستاندا لەشفرۆشیی زۆر نییە و هێشتا ولاتەکەمان لەو رووەوە پاکەو وا پیس نەبووە کە دەستی لێ بشۆین ،، ئەگەر هەندێك حاڵەتیش هەبێت زۆر کەمن و

رێژەیەکی ئێجگار کەمن بە بەراورد بە سەرجەم دانیشتوانی ولات ،من وەك ئافرەتێکی بالاپۆش دەڵێم با فریاکەوین نەهێڵین ئەم نەریتە ناشیرینە بلاو ببێتەوە ئەوە ئەمەریکاوئەوروپا گیریان خواردووە بەدەست ئەو گرفتەوە وتووشی چەندین کێشەو گرفتی کردوون و نەخۆشیی و درمی ئایدز کەبەم هۆیەوە زۆرتر بلاو دەبێتەوە هەڕەشەیان لێدەکات و خەریکە ئەوەی چەندین سەدەیە بونیادی دەنێن لەبەریەکی هەڵدەوەشێنێتەوە و بەرەو دواوەیان دەباتەوە.



* هەرچەندە ئەو کچ و ژنانەی لەسەر هەمان پرس دواندومانن زۆر لەم ژمارەیە زێدەترن کە لێرەدا بۆچوونەکانیان نوسراوەتەوە، بەڵام لەبەر نێزیکیی سەرنج و بیروڕاکانیان لەمەڕ دیاردەی لەشفرۆشیی بەباشمان زانی بەوەرگرتنی عەینەیەك لە گرنگترین وەڵامەکان تێگەیشتنی ژنان و کچان لەم رووەوە ئاشکرا بکەین و بیگەیەنینە خوێنەر.